# ناڕەزایی بەنزین لە ئێران

19-11-2019

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** زۆری نەخایاند هەتا کاریگەریی دۆمینەیی رووداوەکانی عێراق و شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی لەسەر ئێران بەڕوونی دەرکەوت. بڕیاری دوونرخکردنی بەنزین و گرانکردنی سێ قاتی بەنزینی ئازاد، وایکرد ناڕەزاییەکانی جەماوەر، بەنزین ئاسا گڕ بگرێت و بەخێرایی، لە نزیکەی 50 شار و شارۆچکەی جیاوازدا بڵاوببێتەوە.

زریان رۆژهەڵاتی |

زۆری نەخایاند هەتا کاریگەریی دۆمینەیی ڕووداوەکانی عێراق و شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی لەسەر ئێران بەڕوونی دەرکەوت. بڕیاری دوونرخکردنی بەنزین و گرانکردنی سێ قاتی بەنزینی ئازاد، وایکرد ناڕەزاییەکانی جەماوەر، بەنزین ئاسا گڕ بگرێت و بەخێرایی، لە نزیکەی 50 شار و شارۆچکەی جیاوازدا بڵاوببێتەوە.
بڕیاری گرانکردنی نرخی بەنزین لە 1000 تمەنەوە بۆ 3000 تمەن بەشێوەی ئازاد و بۆ 1500 تمەنیش بۆ ئەو بەنزینەی حکوومەت وەك پشکێکی دیاریکراو دەیداتە خەڵك کە ئەویش بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمکراوەتەوە، ناڕەزایی فراوانی خەڵکی لێکەوتەوە. کاردانەوەی هێزە ئەمنییەکانیش بە تایبەتی لە خوزستان و ناوچە کوردنشینەکان زۆر لە شوێنەکانی دیکە توندتر بووە. لە ماوەی سێ ساڵی رابردووشدا ئەمە چوارەمین جارە کە خەڵکی ئێران بەشێوەیەکی بەربڵاو ناڕەزایی لە دۆخی ئابووری و سیاسی دەردەبڕن.
هەم لەبەر دۆخی ناوخۆیی و هەم لەبەر ئەو پێگەیەی کە تاران لە سیاسەتی ناوچەکەدا هەیەتی، ناڕەزایی جەماوەر لەوێ گرنگە و ئەگەر درێژە بکێشێ، کاریگەرییەکانی تەنیا بەو وڵاتەوە سنووردار نامێنێت.
بە ئەگەری زۆر یەکێك لە ئامانجەکانی ئێران لە زیادکردنی نرخی بەنزین، زیادکردنی داهات و هەوڵدان بۆ زیادکردنی هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی وەك بەنزین بۆ دەرەوەیە کە دەشێ وەك رێگایەك بۆ دەوردانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا سەیربکرێت. لەم وەختانەدا کە گەمارۆی ئەمریکا لەسەر فرۆشتنی نەوتی خاوی ئێران توندە، لەوانەیە فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی وەك بەنزین وەك رێگاچارەیەك سەیرکرابێت.
هەرچەندە گەلێك لە زانیارییەکانی تایبەت بە بودجە ناڕوونن، بەڵام لە بڕیاری گرانکردنی بەنزینەوە دەردەکەوێت کە بودجەی ئێران کورتی هێناوە و پێویستی بەوە هەیە لەڕێی گرانکردنی نرخی بەنزینەوە ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە. وەزیری نەوتی ئێران رایگەیاندووە کە چاوەڕوان دەکەن لەڕێی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی بەنزینەوە، دەوڵەت لە ساڵێکدا شتێك لە دەوری 738 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبێت. محەممەد باقر نەوبەخت سەرۆکی رێکخراوی بەرنامە و بودجەی ئێرانیش ژمارەیەکی هاوشێوەی ئەوەی راگەیاندووە و جەختی کردووە کە ئەو پارەیە بەسەر نزیکەی 60 ملیۆن هاووڵاتیدا دابەش دەکرێتەوە. هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی گرانبوونی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە جیاوازەکان، پێناچێت پێدانی بڕێکی وەك 12 دۆلار بەهەر تاکێك لەو 60 ملیۆن کەسەی کە باسی دەکرێت، دڵنەواییەك بە هاووڵاتیان بدات.
لەلایەکی دیکەوە زانیاری هەن سەبارەت بەوەی کە سەرەڕای دابەزینی ئاستی فرۆشتنی نەوتی خاو، فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی وەك بەنزین داهاتێکی گرنگ بۆ ئێران درووست دەکات. ئەمەش دەشێ بە دوو شێوەی رەسمی و قاچاخیش بێت. لەبەر ئەوەی مشتەرییەکانی بەنزینیش دەتوانن کەسانی ئاسایی بن، دۆزینەوە و گەمارۆدانی کارێکی ئاسان نییە بۆ ئەمریکا. وەزیری نەوتی ئێران رایگەیاندووە کە ئەوان لە فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکاندا کێشەیان نییە. وا تەخمین دەکرێت کە ئێران لە فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانی وەك بەنزین و نەوتی کوورە و گازی شل بە وڵاتانی دراوسێ، مانگانە 500 ملیۆن دۆلاری دەسکەوێت. ئەمەش لەم وەختانەدا کە تاران دەیەوێت بەرگەی گەمارۆکانی ئەمریکا بگرێت، دەتوانێت سەرچاوەیەکی گرنگ بێت.

**گرانبوونی بەنزین، هەڵبژاردن و ناکۆکییە ناوخۆییەکان**

تا ئێستا لانیکەم سێ مەرجەعی شیعی لە ئێران بەناوەکانی ئایەتوڵا سافی گوڵپایگانی و ئایەتوڵا عەلەوی گورگانی و ئایەتوڵا مەکارمی شیرازی دژایەتی خۆیان بۆ بڕیاری گرانکردنی نرخی بەنزین راگەیاندووە، هەڵبەت هێشتا بەتەواوی دیارنییە دوای بەرگرییەکەی رابەری ئێران لەو بڕیارە، ناڕەزایی ئەو مەرجەعانە تا چەند درێژەی دەبێت!
لەوانەیە رەهەندێکی دیکەی گرانکردنی نرخی بەنزین پەیوەندی بە حیساباتی لایەنە جیاوازەکانەوە هەبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کە بڕیارە لە سەرەتاکانی ساڵی داهاتوودا ئەنجامبدرێت. ئەگەرێك هەیە کە عەلی لاریجانی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان خۆی کاندید نەکات و بەوجۆرەش ململانێی سەرەکیی لە بەینی موحافزکارەکان و گرووپی میانڕەو- ریفۆرمیستەکان بێت کە رۆحانی یەکێك لە کەسە دیارەکانیەتی. رۆحانی لە رۆژانی رابردوودا گلەیی لە هەوڵێکی دەزگای داد کرد کە بە وتەی خۆی لەژێر پەردەی دژایەتیی گەندەڵیدا ئەجێندایەکی سیاسی جێبەجێ دەکات کە رەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ گیرانی کەسانی نزیك لە بەرپرسانی ئێستای حکوومەت، بە تایبەت براکەی خۆی. لەبەرامبەر ئەوەشدا هەرچەندە ناوی نەهێنا، بەڵام گەندەڵییەکی تایبەت بە دیارنەمانی دوو ملیار دۆلاری ئاشکرا کرد کە دەشێ وەك شەڕێکی پێشوەختەی هەڵبژاردن سەیربکرێت. گرانبوونی نرخی بەنزینیش رێك لە بەینی ململانێی باڵەکانی دەسەڵاتدایە. حکومەتەکەی رۆحانی سەرەتا بەرگریی لە بڕیارەکە دەکرد، بەڵام ئێستا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان بە تەنیا بڕیاریان نەداوە و ئەو بڕیارە لە دەزگایەکدا بەناوی "ئەنجوومەنی هەماهەنگیی ئابووری" دراوە کە دوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا، بە فەرمانی رابەری ئێران دامەزراوە. بەمەش نایەوێت بەرپرسیاری هەموو رووداوەکە بەسەر ئەودا بشکێتەوە.

ئەنجوومەنی هەماهەنگیی ئابووری بۆخۆی دەزگایەکی تازەیە کە دامەزراندنەکەی لیوانلێوی ململانێی باڵەکانی دەسەڵاتە. هاوشێوەی ساڵانی جەنگی ئێران وعێراق کە عەلی خامنەیی سەرۆککۆماری ئەوکاتە داوای دەسەڵاتی تایبەتی لە "ئایەتوڵا خومەینی" کردبوو، لەدوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکاش، حەسەن ڕۆحانی ڕایگەیاند کە ئێران لە جەنگێکی ئابووریدایە و لەبەر ئەوەش، داوای لە ڕابەری ئێران کرد دەسەڵاتی تایبەتی بداتێ تا بتوانێت ڕووبەڕووی دۆخەکە بێتەوە. کاتی خۆی ئەو دەسەڵاتانەی کە ڕابەری پێشوو بە خامنەیی دابوو، وایانکردبوو کە لە کاتی جەنگ، ناوەندیبوونی بڕیار درووستبێت و دامەزراوەکانیش ملکەچی بڕیارەکانی سەرۆککۆمار بن. هەڵبەت ئەمجارەیان عەلی خامنەیی لە جیاتی ئەوەی دەسەڵاتێکی وەها بە ڕۆحانی بدات، ئەنجوومەنێکی هاوئاهەنگیی ئابووری درووستکرد کە بەرپرسانی هەرسێ دەسەڵاتی ئێران تییدا بەشدارن. بەمجۆرەش، ڕێگەی لەوە گرت کە حەسەن ڕۆحانی بە پاساوی شەڕی ئابوورییەوە، بە تەنیا جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. ئێستا کە دۆخەکە تەقیوەتەوە و خەڵك ڕژاونەتە سەرشەقام، ڕۆحانیش نایەوێت بە تەنها بەرپرسیاریی ئەو بڕیارە هەڵبگرێت و ڕایگەیاندووە کە ئەو ڕێگەی لەوە گرتووە نرخی بەنزین پێنج قات زیاد بکرێت!

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن، بە ئەگەری زۆر بژارەی دواخستنی هەڵبژاردن دێتە ڕۆژەڤ و ئەگەر واش نەبێت، چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی ناڕەزایی خەڵکەوە ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵك لە جاران کەمتر بێت.

**ئەنجام**

بەنزین تەنها هۆکارێك بوو بۆ دەرخستنی ناڕەزایی کەڵەکەبووی خەڵکی ئێران لە دۆخی ئابووری و سیاسی کە ئێستا زیاتر تێکەڵاوی یەکتر بوون. پێناچێت بەرپرسانی ئێرانی ئەو وەختەی کە بڕیاری گرانکردنی بەنزینیان داوە، پێشبینیی ناڕەزاییەکی فراوانیان کردبێت. لەدوای گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا، ئێران لەڕێی کۆنترۆڵکردنی نرخی بەنزین و نان کە یەکیان وەك خۆراکێکی سەرەکی و ئەویتریشیان وەك پێداویستیی گواستنەوە بایەخێکی یەکجار زۆریان بۆ چینی ناوەڕاست و کەمدەرامەت هەیە، هەوڵی دابوو ناڕەزایی خەڵك زیاتر نەبێت. دەسبردن بۆ یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکان دەتوانێت ناڕەزاییەکان پایەدارتر بکات.  لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی سێ ساڵی ڕابردووش سەلماندوویەتی کە سەرکوتکردن نەیتوانیوە ڕێگا لە دووبارەبوونەوەی خۆپیشاندان لە ئێران بگرێت. بێشك ئەوە لەگەڵ پچڕانی ئینتەرنێت و بێئاگایی خەڵك لە یەکتر، دەتوانێت کاریگەری لەسەر خۆپیشاندانەکان دانێت، بەڵام ئەستەمە کۆتایی بە ناڕەزاییەکانی خەڵك بهێنێت. تەنانەت ئەگەر خۆپیشاندانەکانیش دابمرکێنەوە، دیسان  گۆڕانی سیاسی لە ئێران لەوانەیە درەنگ و زووی هەبێت، بەڵام شتێکی حەتمییە. ئا لەبەرئەوەش، پێویستە کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، خۆی بۆ سیناریۆ جیاوازەکانی دۆخی ئێران ئامادە بکات.